# چاككردنی كۆمەڵگای كوردستان

**ئاسۆ حامدی**

پێش ئەوەی دەست بەکارێ بکەی بیری هەموو گریمانەکانی لێ بکەوە

**سەرەتا:**

كۆمەلگای مرۆڤايەتی زۆر لە مێژ نیە هەیە بەبەراورد کردن لە گەل سروشت، كۆمەلگای مرۆڤايەتی پێش دەست پێکردنی مێژووی نوسراودا دەست پێکردووە.
لە هەموو رژێمە كۆمەلايەتيەكانيدا مرۆڤ هەولی داوە بۆ ئالوگۆر بە وەزعی مەوجود..پێویستیەکانی مرۆڤ ئەم هەموو داهێنانەی بە دەست هێناوە کە لەسنووری وجودی خۆی تێپەريوە،بیری مرۆڤ لە سنووری خۆی گەورەترە...ئالوگۆر هەموو شتە ماددیەكان، مەعنەویەكان ..سروشت، ژینگە... بە کورتی ئاسمان و رێسمانی گرتۆتەوە..
لە حالەتی ئاسای ئالوگۆر سست و لەسەرەخۆ هەنگاو هەلدەگرن، خاڵەکانی وەرچەرخانی مێژوو دەورانەکانی شۆرشن، شۆرش لە دەزگای بیری مرۆڤ یانی ئالوگۆری چۆنایەتی لە وەزعی مەجود بۆ وەزعیكی نوێ كە كۆمەلگا ئامادەی قەبوول كردنیەتی یان هەر قەبوولیەتی..وەکو کارل مارکس ووتیەتی ئە رۆژانە کە سەد سال لە خۆوە دەگرن..
لە مێژووی هاوچەرخدا لە رژیمێک كۆمەلایەتی دیاری کراودا كۆمەلگای مرۆڤايەتی لەگەل ئەم هەموو نایەکسانی و ناعەدالەتیانەی کە لە كۆمەلگاكاندا لەگەل ئەمەش هەر لایەنی زۆرینە لە مرۆڤايەتی هەولی گەشەدان بە كۆمەلگا دەكەن و بەرەو ژیانێکی باشتر ئازادتر خۆشگوزەرانتر لە هەوڵی جدی دان.
بۆ ئەوەی كۆمەلگا ئالوگۆری پێبکرێ پێش مەرجەکانی ئالوگۆر دەبێ پێشتر بۆی ئامادەبکرێ، سەرخەتی ئەم پێش مەرجانە هەموو بنەماکانی سەرخان و ژێرخان دەگرێتەوە.پرۆسێسی ئالوگۆر پرۆسەیەکی درێژ خایەنە تەنها خالەکانی وەرچەرخان نەبێ..پرۆسەکانی ئالوگۆری كۆمەلگا دەبێ لە گشت ئاستەكانيدا هەنگاو هەلبگرێ.لیرە مەبەست لە ئالوگۆر چاككردنی كۆمەلگایە لە هەموو بەشەکانی چۆنایەتیدا کە بنەمای كۆمەلگای شارستانی پێک دەهێنن.
بنەماکان بریتین لە :

1. چۆنایەتی ئابووریی.
2. چۆنایەتی ژینگە.
3. چۆنایەتی كۆمەلایەتی.
4. چۆنایەتی بەهاکانی دەوروبەر.
5. پرۆسێسەكان.

ئەم بنەمایانە دەتوانن ئالوگۆری بنەرەتی بە كۆمەلگا بکەن..هەر یەکێک لەم بنامانە کاریگەری زۆری دەرەکی و ناوەکی لەسەرە، ئەمانە پرۆسەیەکی تێکهەلکێش و ئالۆز بەرێوەیان دەبات. کەهەر چۆنایەتیەک پشت بە ئەوی تریان دەبەستی..لە هەمان كاتدا دەبی لە یاساكانی بەریوەبردنی كۆمەلگا ئەمانە بە شێوەی یاسای یەکلابکرێنەوە و هەمووان رێزی لێبگرن.
بۆ بنیاتنانی كۆمەلگایەکی شارستانی پێویستە مەسەلە سەرەتاییەكانی مرۆڤ لە كۆمەلگادا یەکلاکرابیتەوە.ئەوانەی ئەمرۆ لە هەلسوورێنەرانی دەسەلاتن قورسترین ئەرکیان لەسەر شانە ئەگەر وا هەست بە لیپرسراویەتی بکەن بەرامبەر بە گەشە سەندن و ئالوگۆری كۆمەلگا بۆ فازیکی ژیان و گوزەرانی مرۆڤی سەردەم.دەسەلاتیک کە یاسا سەروەر بی و مرۆڤەكان لە بەرامبەر یاسادا یەکسان بن، هەمان ماف و ئەرکیان هەبی بە گویرەی لیپرسراویەتیان.
هەر دەسەلات و فەرمان رەوای نیە دەتوانی بنەماکانی چۆنایەتی گەشە پێبکەن، بەلکو كۆمەلانی خەلك دەتوانن لە زۆر حالەتتدا ئەمانە بەسەر دەسەلات فەرز بکەن. بەنموونە بوونی ئازادی بەیان و عەقیدە و چاپ و بلاوکردنەوە دەتوانێ رۆلێکی کاریگەربگێرێ لە گەشەدان بە كۆمەلگا.گرنگترین مەسەلە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریە و بە كۆمەلایەتی بوونەوەیەتی لە

تەواوی کۆمەلگادا، هەمووان لە دەسەلات و ئوپۆزۆسیون هەست بەم لێپرسراویە تیە کۆمەلایەتیە دەبێ بکەن.لایەنەکانی ڕاست و چەپ دەبێ تەئکید لەسەر بەرزکردنەوەی داهاتی نەتەوەی بکەن تا ئاستی داهاتی تاک بەرز ببیتەوە، ئەوکات لە جیاتی پیداویستیە سەرەتاکان کارمەندان باس لە ریفاهو خۆشگوزەرانی دەکەن دەبێ باس لە ئەمنی نەتەوەی بکەن تا کۆمەلگای ئارام و سەقامگیر هەبێ. دەبێ سەردەمی مافەسەرەتاییەکان کۆتای پێبێ و دەورانی خۆشگوزەرانی دەست پیبکات لە سەدەی نوێدا..(بەرێوەبەرانی کۆمەلگا دەبێ شەرم بیانگرێ کاتێ باس لە برسیەتی دەکرێ). با لە باسەکەم لانەدەم!!.با ئیستا باس لە چۆنایەتیەکانی کۆمەلگا تۆزێ بەدرێژی بکەین:

1.چۆنایەتی ئابووری:

ئابووری چەقی هێزە، سەرەتای کردنەوەی هەموو گرێ کویرەکانە،لە دونیای ئەمرۆ لە هەموو کاتێک زیاتر گەشەی ئابووری کە ژێرخانی کۆمەلگایە پێویستیەتی هەیە.بوونی دەولەت بەندە بە داهاتی نەتەوەی ئەو وولاتە، دەولەت لە ستراتیژی و بودجەی سالانەیدا بەپێ داهاتی نەتەوەی بەرنامەی خزمەتگوزاری و ئاوەدانکردنەوەی دادەریژی.لیرەدا گشت بەرپرسیارن لە گەشەدان بە رشتە ئابووریەکان.لە وولاتیکی ئابووری وابستەی کاتی دەبێ بگۆرێ بە وولاتیکی بەرهەمهێن. ئەوکات هۆیەکانی بەرهەمهینان گەشەدەکەن و کۆمەلگا سەرەتای ژیانی شارستانی بینا دەنێ.هەموو مرۆڤەکان دەبی بەهرەمەند بن لەلانی کەمی ژیان..هەر کەسێ لەم سنوورە بژی دەبێ بەشداری لە گەشەدان بە ئابووری بکات و لێ بەهرەمەند بێ.

گەشەدان بە بازاری کارو کارخانە و کارگەکانی دەولەت و کەرتە تایبەتیەکان بوونی قەراردادی کار لە نێوان کارمەند و کارخانەکان.لەم قەراردادانەدا زەمانەتی کارو ئەمنیەتی ژیانی کارمەندان و بەرهەم مسۆگەر بکرێ..لەهەمان کاتدا کاریگەریەکانی دەورەبەرو بازاری پارەی جیهانی و کالاکان دەبێ زۆر بەووردی رعایەت بکرێت.

گەشەدان بە سیستەماکانی بانکەکان و بازاری پارە لە کۆمەلگادا بۆ هەرچی زیاتر کارئاسانی و بەرێوەبردنی کارەکان و بەرزکردنەوەی ئاستی ژیان و گوزەرانی هاوولاتیان.چاککردن و پەرەسەندنی چۆنایەتی ئابووری گەشە بە شارستانی کۆمەلگا دەدا، بەهۆیەوە هەموو ئەندامانی کۆمەلگا لە ژیانێکی پاراستوو و ئاسایش دا دەتوانن نەوەکانیان لە ژیانێکی شایستەی مرۆڤایەتی بژین.لێرەدا دەبێ ئەوەش بلێن دەولەت رۆلیکی سەرەکی دەگیرێت کە ئابووری کۆمەلگایە، جیاوازی ئابووری لە نێوانیان دەبی لە کەمترین رادەدا بێت، لە هەمان کاتتدا سەرمایە خسوسیەکان لە ژیر چاودیری دەولەتتدا دەبن و مەجبوورن سیستەمی باج و دەرامەتیەکان بەبێ هیچ ئەملاو ئەولاو فروفیلەکان جێبەجێ دەکەن.

دەولەت هەموو بنەما ئابووریەکان بە دلسۆزی دەپارێزی..ئەمانە هەموو کەرەستەخاوەکان و کانەکانی ناوچەکە دەگرێتەوە لەگەڵ هەموو هۆیەکانی بەرهەمهێنان.

داهات و مەسرەفی سالانەی دەولەت لە شوێنە تایبەتیەکانی ئاماری گشتی تۆمار دەبێ بکرێ و قابیلی دراسە و لێکۆلینەوەبێ  تەنها ئەو ئامارانەنەبی کە پەیوەندی بە ئاسایشی نەتەوەی هەیە و دەبی بپاریزرین..

کار دەبێ سەرچاوەی ئابووری دەولەت و کۆمەلگا بێ.هەموو مرۆڤەکانی شایستە لە شوێنی شایستەی کارەکانیان دابن.پەیوەندی ئابووری جۆراوجۆری ئەنتەرناسیونالی بەهۆی یاساکانی ئابووری نێونەتەوەیی..گرێدانی بازاری ناوخۆو دەرەوە دەتوانێ گەشەیەکی ئابووری تەندروست دروست بکات.ئەگەر ئابووری لە خزمەتی کۆمەلگادا دانرا ئەکات بازنەی ئالوگۆر خێراتردەبێ، هەر ئەندامی کۆمەلگا کە داهاتی باشی هەبێ ئەوا دەتوانێ بەهەمان کات زیاتر سەرف بکات و دەورانی ئالوگۆر و خستنەروو و داواکاری تارراددەیەک هاوسەنگ دەبێ..ئەوکات کۆمەلگا هەست بە ئاسایشی ئابووری دەکات و کارمەندان چالاکتر دەبن لە بەرهەمهێناندا..

هەرچەندە لەم بارەیەوە بنوسین هەر دەکرێ چاکتر بنوسین، گرنگترین مەسەلە لێرەدا هەماهەنگی پەروەردەکردن و خوێندنە لە هەموو ئاستەکاندا لەگەڵ کارو هۆیەکانی بەرهەمهینان لە کۆمەلگادا، ئەوکات نەوەکان دەزانن روو لە کام ئاراستەنەو داهێنان لە کۆمەلگادا گەشەدەکات.

2. چۆنایەتی ژینگە

ژینگە هەر گژوگیا و سەوزای دەشت و دۆڵ و دار و درەخت و گیاندارە کێویەکان نیە، ژینگە پێناسەیەکی شمولیە لە پرۆسیسکی بەردەوام و ئالوگۆر و ئالۆز لە نێوان سروشت و کۆمەلگا بەگیان و بێ گیان..ئاو و هەوا، دەنگەکان هەموو دەوروبەری کۆمەلگا دەگریتەوە.نەک هەر سەرزەوی بگرە ژیر زەوی و فەزا ی دەوری زەوی دەگریتەوە..

هەموو گرفتەکانی ژینگە دەبێ قووڵ بکرینەوە بۆ گیروگرفتە ئابووری و کۆمەلایەتیەکان، ئەوکات نەک هەر گرفتە ژینگەییەکان جارەسەر دەکرێن بەلکو گرفتە کۆمەلایەتی و ئابووریەکانیش لەگەل خۆیدا چارەسەر دەکات.

گەشەدان بە چۆنایەتی ژینگە لە کارو ژیانی کۆمەلگادا گرنگیەکی بێ هاوتای هەیە، لیرەدا دەبێ یاساکانی بەریوبردنی کۆمەلگا یاسای تایبەت بە چۆنایەتی ژینگە لە بەرزترین ئاستیدا دەربکات..( لێرە مەبەست نیە ئاوارەیەکی شاری کەرکوک کە غەرقی نەوتە لە بەر بێ نەوتی لە سەر داربرینی ووشکدا زیندانی بکرێ...بە نموونە...).

مەبەست لیرەدا سامانەکانی ئاوی و گیانداری لەگەل کەش و هەواو دەنگ و ....هتد. یاسای دروستی بۆ دەربکرێت کە لە یاساکانی  نێودەولەتی و وولاتانی پێش کەوتووی تەسبیت کراون..

چونکە چۆنایەتی ژینگە دووریەکی ئەنتەرناسیونالی هەیە، لەکاتی بەکارهینانی چەکی کیمیای لە دژی خەلکی بێ دیفاعی دۆلی بالیسان کاریگەری لەسەر ماسیەکانی کەناری شەتی عەرەب دەکردو رووەک و گیاو گۆلەکان لە کەنداوی فارسدا تووشی رەزالەت بوون. ئەمە لە هەموو شەرو پیکدانەکاندا چۆنایەتی ژینگە بە مانای گشتی بەرەو دواوە هەنگاوی هەلگرتووە.

ژینگەی ئەم ناوچەیە لە مرۆڤەکانی ئەم ناوچەیە زیاتر رەزالەتی بینووەو دەبینێ.

خۆ کەسێ باس لە پیس بوونی هەواو رەزالەتیکانی دەنگ ناکات، ئەگەر کەسێ گرفتی نانی هەبێ چ ئاگای لە کاریگەری گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن و کوونی ئۆزۆن بێ..ئەگەرجی لە واقع دا هەردووکیان بەقەدەر یەک گرنگن،بەلام ئەگەر فرۆکە نەبێ لە فرۆگای هەولێر خەلکی شاری عەنکاوە چ هەست بە ئازارەکانی دەنگ بکەن، بەلام خەلکی گەرەکەکانی دەورەبەری ئەمستردام لە کێشەیەکی بەردەوامدان لەگەل بەرێوەبەرانی سخیپهۆڵ ( گەورەترین فرۆگای هۆلندایە).ئەم گرفتە دوای چەندین سال تووشی خەلکی شارەکانی کوردستان دەبێ...

پاراستنی چۆنایەتی ژینگە پەیوەندی بە هیزی بە چۆنایەتیەکانی تر هەیە، ئاستی هۆشیاری خەلک زۆرگرنگە کەوا گەشە بە چۆنایەتیەکان بدەن و بە مولکی خۆی و گشتی بزانێ..بە کورتی ئەرکی هاوبەشی دەسەلات و کۆمەلانی خەلکە تا بتوانن چۆنایەتیەکی باشی ژینگە بەدەست بێنن.کۆمەلگایەکی تەندروستی چاک بەرهەمی چۆنایەتی باشی ژینگەیە..

بوونی پیداویستە سەرەتاکانی کۆکردنەوەی پاشەرۆکان، هەر لە ئاوی پیسی زیرابەکان لە تۆری دروست دا، لەگەل بوونی پیداویستە کانی فریدانی پاشەرۆکان کاریکی باش دەکات بۆ هاوبەشت کردن لە چاککردنی چۆنایەتی ژینگە.ڕاستە ئەمانە هەموو ئابووریەکی باشی دەوێ، بەلام لە زۆر حالەتدا بە هەمان ئابووری مەجود دەکری گەشەی باشتر بە چۆنایەتیەکان بدرێ، ئەگەر تۆزی بیربکەنەوە پێش دەست بەکار بوون و هەست بە لیپرسراویەتی بکریت بەرامبەر بە کۆمەلگا نەک گیرفان...هتد..هتد.ئەوکات پرۆژەکان دەتوانن زیاتر خزمەتی چۆنایەتیەکان بکەن..

3. چۆنایەتی کۆمەلایەتیەکان:

دامەزراندنی کۆمەلگای شارستانی هەر کاری شەو رۆژێک نیە،دامەزراندنی ئەم کۆمەلگایە بەندە بە پرۆسیسکی بەردەوام کە میژووی گەشەسەندنی کۆمەلگا لە خۆیەوە دەگرێ..لەهەمان کات پەیوەندی بە هەموو کۆمەلگاوە هەیە، دەبێ هەمووان بەشداری لەم پرۆسەیە بکەن.بنەمای سەرەکی بوونی هاوسەنگیەکی ڕیکە لە کۆمەلگا، یانی مرۆڤەکانی هەموو کۆمەلگا یەک بەهایان هەیە..هەموویان لە بەرامبەر ئەرک و فەرماندا و مافەکانییان لەبەرامبەر لیپرسراویەتیدا یەکسانن..نابێ هیچ جیاوازیەکی رەگەزی، جنسی..هتد لە نیوان ئەندامانی کۆمەلگا هەبێت..

بەها و بیروباوەر دەبێ رێزی لیبگیرێ و کۆمەلگا لەسەر بنەما شارستانیەکان حەرەکە بکات.هەموو رەوەندە کۆنەکان دەبێ مالئاوایی بکەن و بەرەو ئەرشیف بچن.

کۆمەلگا دەبی لە باری کۆمەلایەتی لە هەموو بیمەکان بەهرەمەند بێ بەنموونە بیمەی بیکاران، بیمەکانی تەندروستی،گەشەدان بە وەرزش لە هەموو شوینەکانی ژیانی هاوولاتیان،

گەشەدان بە مندالان و گەنجان لە باری تەندروستی و خویندن و دابین کردنی کار بۆ هەمووان.ژنان دەبێ لە هەموو ئاستەکانی کارکردندا رۆلی سەرەکی بگیرن و هیزی کاریان هەمان بەهای هیزی کاری پیاوی هەبێت..مەتبەخەکان دەبێ لە وەزیفەی ژنان پاک بکرینەوە.
دەبێ کۆمەلگا هەست بە ئارامی و ئاسایشی گشتی بکات لە رووی کۆمەلایەتییەوە..
گەشەدان بە چۆنایەتی کۆمەلایەتی کاریگەریەکی جددی دادەنێتە سەر چۆنایەتیەکانی تر. لە هەمان کات چۆنایەتی ئابووری بنەمای کۆمەلایەتی کۆمەلگا هەلگیرو وەرگیر دەکات..
بەکورتی دەبێ چۆنایەتیەکان لە هەموو ئاستەکاندا بەیەک هەنگاو گەشەیان پێبکرێت.

4. چۆنایەتی بەهاکانی دەوروبەر
لیرە هەر مەبەست لە بەها کۆمەلایەتیەکان نیە، بەلکو ئەو باهایانەنن کە خزمەت بە دەوروبەرو کۆمەلگا دەکەن.بەنموونە یاساکانی شارەوانی لەبارەی ڕێگاو بان و بیناسازی شارەکان و خانوو بەرە و کارگا کان ...هتد.هتد.لیرەدا دەبی ئاگاداریەکی تەواوی مێژووی کۆمەلگا بین و رەوتەکانی بپاریزین..شوینە میژووییەکان و شوینە بە بەهاکان دەبی نەشوینرین و بپاریزرین..
جوانترین نموونە بۆ ئەمە شاری پاریس ی پایتەختی فەرەنسایە، پاریسی کۆن و نوێ بە ئاشکرا هەردوو سیماتی بەهاکانی میژووی و کۆمەلایەتی پیوە دیارە، شوینەکانی سەیرانگاکان و پالاسی ناپلیۆن و هتد..هتد.پەیکەری رازاوەی بلانکی لە گەرەکی پاریس دا شایەتی کۆمونی دلێرانە کە رۆژگارێ لەسەر شارەوانی پاریس دا ئالای سوور نانی لە بۆرژواکان حەرام کرد.کریکارانی ئیتحادیەی سی ژێ تەی ئیستا خەون بە هەلمەتی کۆمۆناردەکان دەبەن..
پاراستنی بەهاکانی دەوروبەر یانی ئیلتیزامی گشت بە یاساکان و جێبەجیکردنیان لە پراکتیکدا، بە مەرجێ یاساکان لە خزمەتی بەهاکان دابن و بتوانن کۆمەلگایەکی پێشکەوتوو بنیات بنێ..
لیرەدا قازانجی کۆمەل لەسەرووی گشتەوەیە.
سیمای گشتی کۆمەل و دەوروبەر لێکهەلدەکێشرین و ئاویزان دەبن.لەهەمان کاتدا بۆ هەموو کەس رۆشن دەبێتەوە کە نموونەی کۆمەلگای خۆیەتی و جیاوازی لەگەل شارستانیەتیەکانی دەوروبەر هەیە..هەموو رۆژێ قەڵاتیك لە ناو دلی شاریکدا پێش سەدان سال کە دروست کراوە دروست ناکریتەوە یان پەیکەری گۆران ی شاعیر دەتوانێ رەمزی گەشەی نوێ کردنەوەی شعری کوردی بێت..چۆن دەبێ لە داهاتوو تەوازن لە نێوان هەموو چۆنایەتیەکان و گەشەدان بە کۆمەلگا دەکرێ فازێکی تر بە کۆمەلگا بدا.
بە یاسای کردنەوەی کۆمەلگا لێرەدا خۆی دەنوێنی، هیچ کەس بۆی نیە لە یاسا لابدا جا لە هەر ئاستێکی فەرمانداری بێت..دەبێ کاری بێ یاسای کۆتای پیبێ.. دەولەت دەبێ لە هەمان کاتدا خانوو بەرەی مناسب بۆ هەمووان دابین بکات و یاسای کری خانوو بەرەو دامەزراندنی کارگەکان لە دووری شوینەکانی ژیان و گوزەراندا تا بکرێ گەشە بە ژینگە بدرێ لە گەرەکەکان و شوینەکانی کار و ژیاندا..بۆ هەموو ئەمانە دیسان چۆنایەتیەکانی ترت پێویستە..لە هەموویان پێویستتر چۆنایەتی ئابووری و کۆمەلایەتیە... بۆ هەماهەنگکردنی هەمووان پرۆسێسەکان پێویستن تا رێکیەک لە نێوان گشت چۆنایەتیەکان ئەنجامدات..

5. پرۆسێسەکان:
پرۆسیسەکان بریتین لە هەموو یاسا و پیادە کردنی کارەکانی بەرێوەبەرایەتی کۆمەلگا و دەسەلاتی کۆمەلگا..پرۆسیسەکان دەبێ لەهەمان کاتدا نوێ بکرینەوەو گەشەیان پێبدرێ تا بتوانن داخوازیەکانی کۆمەلگای شارستانی جێبەجێ بکەن..پرۆسێسە کۆنەکان دەبنە رێگر لەبەردەم گەشەکردنی کۆمەلگا و چۆنایەتیەکان.
پرۆسیسەکان رۆلی دوو لایەنە دەگێرن، لەلایەک چۆنایەتیەکان بەریوەدەبەن و جێگیری دەکەن لەلایەکی تر گەشە بە چۆنایەتیەکان دەدەن.لە کۆمەلگای شارستانیدا پرۆسیسەکان رۆشن و دیارو قابیلی کۆنترۆلن..هەماهەنگیەکی دیارو بەرچاو لە نێوان چۆنایەتیەکان و پرۆسیسەکان هەیە. بەرێوەبەران و هەلسورینەرانی کۆمەلگا لە دەسەلات و ئەپۆزیسیۆن دەبێ هەولی جدی بدەن بۆ سادەکردن و رۆشەنکردنی پرۆسەکان و شەفاف کردنیان تا هەموو ئەندامانی کۆمەلگا

تارراددەیەک لێ حالیبن کە چۆنایەتیەکان چۆن گەشەدەکەن و هاوولاتیان و کارمەندان دەتوانن ج رۆلێکیان هەبێ بۆ چاککردنی کۆمەلگا.هەروەکو پێشتر ووتمان کۆمەلانی خەلک دەتوانن لە ڕێگای میدیای دەسەلات گەشە بە پرۆسیسەکان و چۆنایەتەیکان بدەن.
ئازادی مرۆڤەکان بەردی بناغەی کۆمەلگایەکی شارستانیە.مرۆڤی ئەم سەردەمە ئاشنایە بە دەستکەوتەکانی و حەز بە چاکە بۆ خۆیی و دەوروبەری دەکات..کەمایەتیەکی کەم نەبێ کە روو لە کاولکاری و گەرانەوەی کۆمەلگای دەوێ بۆ سەدەکانی دوور.ئەمانە پۆخلەواتی کۆمەلن و بەرهەمی کۆمەلگاشن، هەموو بەرهەمێ لە گشت جۆرەکانیدا بەشیک لە بەرهەم پۆخلەواتە.. واتە مواسەفاتی بەرهەمی لە سەدا سەد نیە..ئەم بەشە کەمە کار لە پرۆسیسەکانش دەکەن.کۆمەلگای شارستانی دەتوانێ ڕێگا لەبەردەم ئەم دواکەوتوویەی ئەم بەشە کەمە بگرێ..بەلام دەبێ بە هەول و کۆششی هەموان بێ..دەسەلات ناتوانی بە سەرکوت ئەم پرۆسیسە کە کەمایەتیەکی کەم دژیەتی بەرێتە پێشەوە..دەسەلات و ئۆپۆزیسیۆن دەبێ پێکەوە لە پەرەدان بە چۆنایەتیەکانی کۆمەلگا بن و پرۆسیسەکان بەرەو پێشەوە ببەن.
کۆمەلانی خەلکی کوردستان خوازیاری کۆمەلگایەکی مۆدیرنن، کۆمەلانی خەلک شایستەی گەشەدان بە چۆنایەتیەکانن،گرنگ بناتنانی نوێیە کە قورسترین ئەرکە لە ژیانی کۆمەلگادا کاولکردن و تیکدانی کۆمەلگا ئاسانە..کەمترین هێز و پووچترین بیروباوەر دەتوانی ئاسایشی کۆمەلگا بخاتە مەترسی و بنەمای ئابووری کاول بکات..
ئەوەی گرنگە هەماهەنگی گشتە بۆ بنیات نانی کۆمەلگایەکی شارستانی مۆدیرن.کە ئازادی و ژیانی مرۆڤەکانی تیدا مسۆگەر بێ..هەر ئیستا ئەم فرسەتە هەیە.ئەمەش تەنها بە گەشەدان بە چۆنایەتیەکان و پرۆسیسەکان دەبێ...

تەموزی 2005